# سیستمی هەڵبژاردنی گونجاو

# لە هەردوو پرۆژە یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراقدا

.

ئارام جەمال: بەڕێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE

ڕێکەوت: 20-11-2019

---

**سەرەتایەك:**

**لە هەناوی دۆخێکی گڕگرتووی وەك ئێستای عێراقدا، سیستمی هەڵبژاردن بەرەنجامی ڕاکێشانی تەرازووی هێزە لەنێوان خۆپیشاندەرانی ناو گۆڕەپانی شارەکانی ناوەڕاستو خواروی عێراق لەلایەكو حکومەتی عێراق لەلایەکی تر، هەربۆیە ئێستا زیاتر لەهەر کاتێکی تر لەپشت هەر دێڕێکی سیستمی هەڵبژاردنەکانەوە، کە لەناو یاسای هەڵبژاردنەکاندا دێت، خەریتەی سیاسی داهاتووی نزیکی وڵات دەبینرێت لەڕێگەی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی کورسییەکانی پەرلەمان بەسەر (چینو توێژ، تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندنو پێکهاتەکان)دا.**

**دوای ئەوەی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق هەر سێ (یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)و (یاسای پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێمێکدا)و (یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان) لە پرۆژە یاسایەکدا بۆ هەموارکردن ئامادەکرد، بە هۆکاری ئەوەی یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان ڕەگەزی ماددیی تێدایە، ڕۆژی 2019/11/7 پرۆژەیاساکەی نارد بۆ ئەمانەی عامەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو ئەویش لەلای خۆیەوە دوای پێنج ڕۆژ دوو پرۆژەیاسای بەجیا بۆ هەریەك لە (یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق)و (یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان) ئامادەکردو وەك دوا داڕشتە ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی کردو لەوێش ڕۆژی (19-11-2019) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا!**

لێرەدا هەوڵدەدەین بەراوردێك بکەین لەنێوان گونجاوترین سیستمی هەڵبژاردن، کە لەناو هەردوو پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هاتوون.

## دۆخی سیستمی هەڵبژاردن

## لەپرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا:

**پرۆژە یاساکەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، لە زۆربەی بنەماو رێکارە باشەکانیدا، لە پرۆژەیاساکەی سەرۆکایەتی کۆمار دەچێت و لەوی خواستووە، تەنها لە سیستمی هەڵبژاردنەکەیدا نەبێت، کە جیاوازەو بە تەواوی لە ناوەڕۆکی پرۆژە یاساکەی سەرۆکایەتی کۆمار لایداوەو بەرەو ئاقارێکی خراپی بردووە، بەم بەڵگانەی خوارەوە:**

**1/ پرۆژە یاساکەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق خۆپالاوتنی کاندیدەکانی لە تاکەکەسەوە کردۆتەوە بە لیست.**

**2/ پرۆژە یاساکەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق قەبارەی بازنەی هەڵبژاردنی لە سنوری کارگێڕی قەزاوە کردۆتەوە بە پارێزگا.**

**3/ پرۆژە یاساکەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق سیستمی هەڵبژاردنەکەی لە (زۆرینە/ براوەی یەکەم FPTP)ەوە گەڕاندۆتەوە بۆ (لیستی نوێنەرایەتی رێژەیی PR/ دابەشکاری هەڵبژاردن/ شێوازی هۆندت D'Hondt).**

**4/ پرۆژە یاساکەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق رێژەی (50٪)ی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکان بەسەر ئەو کاندیدانەدا دابەشدەکات کە لەناو لیستەکاندا زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە، کە ئەمە لە روکەشدا وەك دەرفەتێك دەبینرێت بۆ ئەوەی کاندیدانی ناو لیستی تاکەکەس بتوانن کورسی ببەنەوە بەڵام لەجەوهەردا ئەو دەرفەتە لەباربراوە لەبەرئەوەی کاندیدێکی تاکەکەس ناتوانێت کێبڕکێ لەگەڵ یەکەم کاندیدی سەرووی لیستەکاندا بکات و**

زیاتر زیاتر ئەوان دەردەچن. هەربۆیە راستتروایە لانیکەم نیوەی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکان بە پێی سیستمی هەڵبژاردنی (زۆرینە/ براوەی یەکەم FPTP) بێتو لەگەڵ بەشەکەی تردا موتوربە دەبن‌و (سیستمی هەڵبژاردنی تێکەڵاو– Mixed Electoral System)ی لێدەردەچێت، ئەوکاتە دەکرێت بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە شێوازی گۆڕینی دەنگەکان بۆ کورسی لە جۆری "سیستمی تێکەڵاوی هاوتەریب Parallel" بێت یان لە جۆری"سیستمی هاوڕێژەیی ئەندامێتی تێکەڵاوMMP" بێت. یاخود لەوەش زیاتر دەکرێت ڕێژەی (60٪) یان (70٪)ی کورسییەکانی بازنەی هەڵبژاردنەکان بۆ کاندیدانی تاکەکەسی تەرخان بکرێتو (40٪) یان (30٪)ی بۆ کاندیدانی ناو لیست بێت .

5/ سەبارەت بەو کورسیانەی کە قۆناعی یەکەم ناتوانێت دابەشیان بکات و دەمێننەوە، پرۆژە یاساکەی ئەنجومەنی وەزیران، شێوازی (هۆندت D’Hondut)ی بۆ داناوە کە تەواو لە خزمەتی حزبە گەورەکاندایەو تەنانەت بەوەشەوە نەوەستاوە هاتووە دەڵێت "ئەم شێوازە تەنها ئەو حزبانە دەگرێتەوە کە لەقۆناغی یەکەمی گۆڕینی دەنگ بۆ کورسیدا براوەن‌و کورسیان بردۆتەوە"، کەواتە ئەو کورسیانەی ماونەتەوەو بەتاڵن بەهیچ جۆرێك نە بەرکەوتەی حزبە بچوکەکان دەبن نە بەرکەوتەی قەوارەی تاکەکەسی.

**دەرەنجامەکان:**

1– ئامادەکردن‌و ناردن‌و خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای ئەنجومەنی وەزیران بە شێوەیەکی خێراو بە پەلە لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەوڵێکە بۆ لەباربردنی ئەو سیستمی هەڵبژاردنە گونجاوەی لە پرۆژە یاساکەی سەرۆکایەتی کۆماردا هاتبوو.، کە لەلایەن هەریەك لە نەتەوەیەکگرتووەکان‌و مەرجەعی باڵای سیستانییەوە جێگەی بایەخ بوو.

**2- پرۆژە یاساکەی ئەنجومەنی وەزیران دەیەوێت پێگەی حزبە گەورە میلیشیاییەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بە بەهێزی بهێڵێتەوەو دەرفەتی بردنەوەی کورسی لەلایەن تاکەکەسەوە زۆر بەرتەسکدەکاتەوە!**

**3- پرۆژە یاساکەی ئەنجومەنی وەزیران وەڵامدەرەوەی ئەو نارەزایەتییە گەورەیەی خۆپیشاندەرانی ساحەی تەحریر نییە لەرووی دەستەبەرکردنی کورسی نوێنەرایەتی پەرلەمان بۆ گەنجان و کەسایەتی سەربەخۆو دەرکەوتنی ئاراستەی سیاسی نوێ.**

**راسپاردەکان:**

- **پرۆژە یاسای سەرۆکایەتی کۆمار بکرێتە بناغە بۆ دارشتن و پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان لەعێراقدا.**
- **لەخراپترین حاڵەتدا واپێویستدەکات یاسای هەڵبژاردنەکان لە "سیستمێکی هەڵبژاردنی تێکەڵاو"دا لەنگەربگرێت، کە رێژەی کاندیدی براوەی تاکەکەس لە (50٪) کەمتر نەبێت.**
- **دۆخەکە وادەخوازێت کە هەریەك لە سەرۆکایەتی کۆمارو نەتەوەیەکگرتووەکان و رێکخراوو شارەزایانی خەمخۆری بواری هەڵبژاردنێکی دادگەرو بێگەرد بێنە سەرخەت بە ئامانجی داکۆکیکردن لە خاڵە پرشنگدارەکانی نێو پرۆژە یاسای سەرۆکایەتی کۆمار، بەتایبەتیش سیستمی هەڵبژاردنەکەی.**

**ئارام جەمال:**

**بەرێوەبەری پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن KIE**

**شارەزا لە دیزاینکردنی سیستمەکانی هەڵبژاردندا**

07701573210

info@kie-ngo.org

aramnma@gmail.com